

# Cornet

ووشه ی(Cornet)یا ( کۆرنێت ) که لەهەردوو زمانی ئنگلیزی وفەرەنسیدا
بەم ناوە ناسراوە ، ناوی یەکێکە لە ئنسترومێنتە موزیکییە فوییە مسەکان
وەک لە وێنەکەدا دیارە ئەم ئنسترومێنتە بە لولەیەک دەست پێدەکات کە
چۆتە ناو بۆرییەکی باریکەوە کە ئەم بۆرییە باریکە بەشێوەیەکی پێچ خوار
دووبەردەوام دەبێت تا دەگاتە بەشی کۆتایی ئنسترومێنتەکە کە شێوەزەنگێک
وەردەگرێت و دواجار دەنگەکان لەوێوە دێنە دەرەوە ، وە لە ناوەڕاستی
ئنسترومێنتەکەدا سێ دوگمە هەیە کە بەهۆی داگرتنی ئەو دوگمانەوە بە
پەنجە و دواتر بەهۆی ئەو فووەی کە لەڕێی لولەکەی سەرەوەدا دەکرێت
بەناو بۆری ئنسترومێنتەکەدا دەنگە موزیکییەکان درووست دەبن .ئەم
ئنسترومێنتە موزیکییە لە وولاتی ( فەرەنسا ) گەشەی سەندووە ، وە
دوو جۆری سەرەکی هەیە ( کۆرنێت سیb) کە بەشێوەیەکی بەر بڵاو
تر بەکاردێت ، وە جۆری دووەمی (کۆرنێت میb) ە .ئەم ئنسترومێنتە
موزیکییە لە ئۆرکسترا سیمفۆنییەکان و لە گروپە موزیکییە سەربازییە
کاندا ڕۆڵێکی کارا دەبینێت ، وە لە نوسینی نۆتەدا بۆی کلیلی موزیکیی
( سۆڵ ) بە کاردێت ،وە ( کۆرنێت ) یش یەکێکە لەو ئنسترمێنتانەی
کە بۆ یەکبوونی دەنگەکانی لە تەک ئنسترومێنتە سروشتییەکاندا لە
نۆتە نوسیندا بۆی پێویستە کە گۆڕینی نۆتەکانی لە بەرچاو بگیرێت .
تواناو مەودای دەنگیی ئەم ئنسترومێنتە دەگاتە نزیکەی هەژدە
دەنگی موزیکیی وەک لە نمو نەی نۆ تەکەدا دیارە .

Muzic-Chrakan
2005